
Sorani




# زانیاری گشتی دەربارەی سەرپەرشتی منالان

nifbe Niedersächsisches Institut
für frühkindliche Bildung und Entwicklung

**منالان هەر لە ساڵرۆژی یەکەمیانەوە هەتا دەستپێکردنی قوتابخانە، مافی ئەوەیان هەیە کە وا  سەرەدانی KITA یان مەلبەندی چاودێری و سەرپەرشتی منالان بکەن.**

## بۆ مەلبەندی چاودێری و سەرپەرشتی منالان بۆ مناڵەکەی من باشە؟

ئەو منالانەی کەوا زمانی ئەڵمانی هیچ نازانن یان کەم ئەزانن، لێرە زمانی ئەڵمانی فێر ئەبن، هەروەها لەرێگەی وازیکردن لەگەڵ منالان زۆر توانای تر وەدەست دێنن، بۆ نموونە رەچاوکردنی دەوروبەر و توانای چارەسەرکردنی کێشە.

لەکاتی چاودێری و سەرپەرشتی مناڵەکەتان، ئێوە وەك دایك و باوك دەرفەتی خۆ فێرکردنتان ئەبێت، یانیش ئەتوانن بچن بۆ کار، یان جێبەجێ کردن و ئەنجامدانی کاری ناوماڵ.

## بۆ بەخێرهاتن دەرگامان بۆ هەر خێزانێك والآیە !

ئێوە دەرفەتی ناسینی دایك و باوك و مناڵی نوێتان هەیە، سینگمان لەKITA بۆ هەموو خێزانێك فراوان و کراوەیە. ئەگەر پێشنیارێك یان ئەندیشەیەکتان هەبێت، لەگەڵ دەستەی سەرپەرشتیارلەم بارەیەوە  قسە بکەن.

## کەی KITA دەستپێدەکات و کەی کۆتایی دێت؟

ئەمە بە توانای خودی KITA کیتاوە بەستراوە، ئایا چەند کات وچەند جێگای هەیە، هەندێکیان بۆ تەواوی رۆژ کاتیان هەیە و هەندێکیشیان بۆ دانێك کاتیان هەیە، واتە یان تەنها  بۆ بەیانیان یانیش تەنها  بۆ پاشنیوەڕۆ.

## ئایا خواردن هەیە بۆ مناڵەکەی من ؟

لەزۆربەی زۆری KITA کیتا یەکان کاتی دیاریکراو هەیە بۆ نانی بەیانی و نیوەڕۆ، پسیار بکە، ئایا پێویستە بۆ نان خواردنی مناڵەکەت خۆت نانی بۆ بهێنیت یان ئەوان بۆی ئامادە ئەکەن. هەر داخوازیەکی تایبەتیشتان هەبێت، لەگەڵ دەستەی سەرپەرشتیکار قسە بکەن.

## دایك و باوك لە KITA ئەتوانن چی بکەن ؟

دایك و باوك ئەتوانن بە شێوەیەکی چالاك لە ژیانی رۆژانەی KITA بەشدار بن، بۆ نموونە لە رێکخستنی گێرانی ئاهەنگ، هەروەها بەردەوام کۆبونەوە و کۆڕ ئەگێردرێت، ئەتوانی دەربارەی مناڵەکەت لەگەڵ دەستەی سەرپەرشتکار بدوێیت.

## لە سەرەتای دەستپێکردنی KITA چۆن رەفتار بکەم؟

لە سەرەتادا پێویستە لەگەڵ مناڵەکەت بیت لەناو گروپی مناڵەکان، هەرکاتێك هەستیپێکرا کەوا مناڵەکەت ئەتوانێت بەتەنها بمێنێتەوە، ئەوکاتە پاش گفتوگۆ لەگەڵ سەرپەرشتکار ئەتوانیت مناڵەکەت بەتەنها بەجێ بهێلیت.

## چۆن ئەتوانم KITA یەکی شیاو بۆ مناڵەکەم بدۆزمەوە؟

لە دەوروبەری نێزیکی ماڵی خۆت سەیر بکە و بە دوای KITA دا بگەرێ. ئەگەر دۆزیتەوە، راستەوخۆ لە دەستەی کارگێری بپرسە، ئایا جێگایان هەیە بۆ ناونووسکردنی مناڵەکەت، هەروەها  دەزگای لاوان نیش زانیاری جیا جیا ی هەیە لەم بارەیەوە، ئەتوانی سوودی لێ وەربگریت.

## خەرجی سەرپەرشتی مناڵەکەم  لە KITA چەندە ؟

خەرجی KITA و خواردن لە کیتا یەک بۆ کیتایەک جیاوازە. ئەو دایك و باوکانەی باری ئابوریان تەواو نیە و پارەیان کەمە، ئەتوانن بۆ خەرجی کیتا یارمەتی لە دەزگای پەیوەندیدار وەربگرن، و لە هەندێك شوێنیش هەر بە بەلاشە، واتە بێ پارەیە.

Gefördert vom:

Bundesministerium
für Familie, Senioren, Frauen
und Jugend

**بۆ پە یوەندی کردن**





Illustration: Anna Budina

## ژیانی رۆژانەی کیتا چۆنە ؟

وازی کردن، خواردن، خەوتن، توێژینەوە، وەرزش کردن، خوێندنەوە، رەنگ‌کردن، فێربون، پێکەنین، گۆرانی چڕین، نیگارکێشان، گەشت وگوزاری، هاورێیەتی کردن، ئاهەنگ گێڕان . . .

**لەکوێی تر ئەتوانرێت سەرپەرشتی مناڵەکەم بکرێت ؟**

جگە لەکیتا هەروەها باخچەی سەرپەرشتیکردنی مناڵانیش هەیە. زۆربەی زۆریان لەشێوازی سەرپەرشتیکردنیان، وەك خێزانێکی بچوك وان و ئەمەش بەریزبەندی یەکەم بۆ مناڵانی خوار سێ ساڵانە یە. بۆ زانیاری زیاتر سەرەدانی ماڵپەرەکەمان بکەن.

www.bvktp.de